www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 21:54 8-6-2006

# هاوڵاتیەک کارەکەی کۆمپانیای نەوزاد لەجێگای خۆیایەتی بەلام نر خەکەی زۆرە من بە دووسەدد و پەنجاهەزار ناتوانم ئەم پارەیە دابین بکەم ... ئا\ ئاسۆ



كیشەی نیشتەجێبوون گرفتێكی سەرەكی دانیشتوانی كوردستانە، لەدوای پرۆسەی ئازادی ئەم كێشەیە بەشێوەیەكی بەرچاو ڕووی لەزیادبون كردوە. وە ئیستا گەیشتۆتە ئاستێك كەبۆتە خەمی گەورەی هەموو تاكێك لەم كۆمەڵگایا. حكومەتی هەرێمی كوردستان بەچەندین ریگەو شیواز هەوڵی داوە ئەم گرفتە چارەسەر بكات، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە ئەوەی كەتێبینی دەكرێت زیاترو زیاتر ئەزمەكە قوڵتر دەبێتەوە. بەهۆی نەبونی ئاسایش و هێمنی لە ناوچەكانی تری عێراق خەڵكانێكی زۆری ئەوناوچانە ڕویان لەهەرێمی كوردستان كردوە و خەڵكی كوردستانیش لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقەوە هەست بەدڵنیایو ئارامی دەكەن و دیاردەی كۆچ بۆهەندەران بەشێوە یەكی بەرچاوكەم بۆتەوەو ئەوەی ئێستا لەهەندەرانیشە پارەدەنێریتەوە بۆكوردستان تاكەسوكارەكەی پارچە یەك زەوی یان خانویەكی بۆبكڕن جگەلەمانەش بەهۆی نەبونی بازاڕ بۆساخ كردنەوەی بەرهەمی جوتیاران و نەبونی خزمەت گوزاری لەگوندەكاندا، گوندنشی نەكانیش ڕویان لە شارەكان كردوە ئەوانەی كەلەسەرەوە باسم كردن سەركی ترین هۆكاری ئەم كێشەیەن. چەند مانگێك لەمەو بەر گرووپی كۆمپانیاكانی نەوزاد ڕایان گەیاند لەپیناوی كەم كردنەوەی كێشەی سەكەندا پرۆژەی درووست كردنی پێنج هەزار خانو بەهاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست دەكەن. ئەم هەواڵە بوە مایەی خۆش حاڵی هاوڵاتیان لەسنوری شاری سلێمانی وە خەڵكی بەهیواو ئومێدەوە ڕوویان لەم كۆمپانیایەكرد بۆپڕكردنەوەی فۆڕمی بەشدار بوون. بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت لەلایەن بەشێك لەهاوڵاتیانەوە كە فۆڕمی بەژداربونیان پركردۆتەوو سارد بونەوەو دوودڵیەك هەیە هۆكارەكەشی بۆئەوە دەگێڕنەوە بڕ پارەی داوا كراو لەلایەن كۆمپانیا كەوە زۆرەو خەڵكانی موچە خۆرو هەژار توانای دانی ئەم بڕە پارە یە یان نیە. مامۆستا محمەد كە موچەخۆرێكە و موچەكەی 320 هەزاریدیناری چاپی نوێیە ووتی ئەگەر بڵین كۆمپانیای نەوزاد وەك بازاڕ خانوە كانی گرانە غەدرێكی گەورەدەكەین لەبەر ئەوەی لە چاو بازاردا نر خەكەی زۆر هەرزانە بەڵام كێشەكە ئەوە یە كە كەمترین نرخ لەو كۆمپانیا لەسی هەزار دۆلار بەرەو سەرە بەڕاستیش ئەم پارەیە بۆخەڵكی هەژار دەستە بەر ناكرێت.

شنە ئیبراهیم یش پێی وابو و كارەكەی كۆمپانیای نەوزاد لەجێگای خۆیایەتی بەلام نر خەكەی زۆرە وە پێی وتم من بە، دووسەدوپەنجاهەزار ناتوانم ئەم پارەیە دابین كەم. مامۆستا محسین یش بەم شێوە یە بۆمان دوا و وتی ئەتوانم بڵێم بەشێكی نیگەرانی و دوودڵی خەڵك بۆئەوە دەگەڕێتەوە كە تائیستا پڕۆژەیەكی هاوشێوەی ئەم پڕۆژەیەی كۆمپانیای نەوزاد نەكراوە خەڵكیش تاڕدەیەك دڵنیانین ئەم پڕۆژەیە سەركەوتودەبێت یان نا بۆیەدەبێت چاوەڕێبین؟بەشێكی زۆری دانیشتوانی كوردستان موچە خۆرن وە یان زۆرهەژارن بری سی هەزار دۆلاریش بۆكەسێكی موچەخۆر یان هەژار پارەیەكی یە كجار زۆرە ئایە دەكرێت ئەو هاولا تیانە بەهرەمەند نەبن لەم پرۆژەیە یان دەكرێت ڕێگە چارەیەك

بدۆزرێتەوە؟ سەر بەست جەمال پارێزە ر بەبڕاوای من دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان سلفەی عەقار بدات و، وە بڕە پارەیسلفەی عە قارە زۆربێت بۆئەوەی هاوڵاتی بتوانێت سودیی لێ ببینێت جگەلەوە ش ڕاست وایە کۆمپانیای نەوزاد بەشێك لەپارەی تێچو وبەشێوەی قیست وەر بگریتەوە تاشانسی زیاتر بەخەڵکی هەژار بدرێت. کاك هیوا ڕوفیش پێی وابوو کە حکومەت هانی چەندین بانکی ئەهلی لەدەرەوەی وڵات بدات تابێنە کوردستان و لەوڕێگایەوە نەك تە نیا بۆقەرزبۆ خان و بەڵکو بۆزۆرپڕۆژەی کە هاوڵاتی ئەتوانێت لێی سودمەندبێت لەدوای وەر گرتنی ڕاوبۆ چونی ئەم هاوڵاتیانە وە بۆمان دەر دەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە سولفەی ئەقار بکاتەوەو جگەلەوەش کۆمپانیای نەوزاد دەست پێشخە ریەکی تر بکات بە یارمەتی دانی زیاتری خەڵکانی هەژارو دەست کورت. وە ئەرکی حکومەتی یەگرتوی کوردستانە کە ئەکیشانە بەرەو چارەسە رببات هە ر بەدروست کردنی باڵەخانەی نیشتە جێ بون تا دابەش کردنی زەوی بەشێوە یەکی عادیلا نە و هەروە ها دروست کردنی بازاڕێکی باش بۆ ساخ کردنەوەی بەرهەمی جوتیاران، هاوکاتیش خزمەت گوزاریەکان بگەیەنریتە ئەو ناوچانە هەرلە قوتابخانە ی سەرەتایی و ناوەندیی تانەخۆشخانە و دروست کردنی ڕیگەو بان نەك تەنیا بۆگوندەکان بەڵکو بۆ ناحیەو شارۆچکەکان کە ئیستا بەهۆی نەبونی خزمەت گوزاری پێویست ڕویان لەشارە گەورەکانی هەلێرو سلێمانی و دهۆك کردوە تاهان بدرین بگەڕینەوە گوندە کانیان بۆئەوەی تاڕادەیەك ئەم کیشەیە کەم بکریتەوە وە خەڵکیش بەئومێدەوە چاوەڕوانیی لەم کابینە تازەیەی حکومەتی یەگرتوی کوردستان دەکەن تائەم کێشانە چارەسەر بکات